کۆمسیۆن لیژنەی یاسایی بۆ سەرکایەتی دادوەر و هاوڕێکاران بە یەکلاییکردنەوەی تانەکانی هەڵبژاردن پێکدەهێنێت

ئەمڕۆ پێنجشەممە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پێکهێنانی لیژنە یاسایییەکانی بۆ سەرکایەتی دادوەر و هاوڕێکاران بە یەکلاییکردنەوەی تانەکان پشتڕاستکردەوە، هەروەها ئاماژەی بەوەشکردووە، بەیارەکانی دەستەی کۆمیساریا لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی تانەیان لێدەدرێت.

جومانە غەلای، وتەبێژی کۆمسیۆن لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا کەموتەڕەع بەدواداچوونی بە کردووە ڕایگەیاند: کۆمسیۆن لیژنەکانی لە ستافی یاسایی تایبەتمەند پێکهێناوە، بە سەرکایەتی ئەندامانی دەستەی کۆمیساری کە دادوەر و هاوڕێکارن، بە یەکلاییکردنەوەی تانەکان، ئاماژەی بەوەشکردووە ئەنجامی کۆتایی بە بەیارەکی ئەنجومەنی کۆمیساران ڕادەگەیەنرێت.

جەختیشی لێوە کردەوە : کە هەموو بەیارەکی دەستەی کۆمیساریەکان لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە بەرواری بڵاوکردنەوەیەوە تانە لە دەسەڵاتی دادوەریدا دەدرێت.

ئاماژەی بەوەشکردووە : ئەنجامی کۆتایی بە بەیارەکی دەستە ڕادەگەیەنرێت و دوای تەواوبوونی پرۆسەی تانەدان و یەکلاییبوونەوەی، دادگای فیدراڵی ئەنجامەکان پەسند دەکات، ئاماژەی بەوەشکردووە دەنگی کاندیدە بەبەشکراوەکان لە لیستەکە دوورخراوەتەوە.